ئەمە ئیسرائیل مووشەک باران کرا لەلایەن گروپی نەناسراو لە خاکی لوبنانەوە

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ، ئەوارەی ئەمە پێنجشەممە لەگەڵ کابینەی سیاسی و ئاسایشدا کۆدەبێتەوە، دوای ئەوەی چەندها موشەک لە باکووری ئیسرائیلەوە کوتە خوارەوە کە سەرچاوەکەی لەخاکی لوبنانەوەیە.

وەزیری بەرگری ئیسرائیل فەرمانی دا دەستبەجێ وەڵامی ئەو موشەکانە بدرێتەوە کە لە لوبنانەوە هەڵدراون، لە کاتێکدا دانیشتنی هاوکاری ئەمنی لە بارەگای وەزارەتی سوپا بەڕێوەدەچێت.

میدیاکانی ئیسرائیل دەڵێن زەنگی ئاگاداری لە ناوچەکانی نزیک سنووری باکوور بە تایبەتی لە ناوچەکانی شلەمی و باتزا و هانیتا و عەبوون و عەرب ئارامشە و ئەوانی دیکە دەنگیان داوە.

میدیاکانی ئیسرائیل هایانگەیاند کە چەکی بەرگری ئاسمانی توانی بیست موشەکی هەڵداوەتە خوارەوە.